

نیگار عنایەتی

# دیالۆگ

دیالۆگ (Dialog) وشەیەکی لێکدراوی لاتینییە و لە دووبەش پێکهاتووەDi) :، یانی دوو) وLog) ، یانی پەیڤین).
لەباری قامووسییەوە، دیالۆگ بەواتای وتوویژ دێت کە لەنێوان دوو یان زیاتر لەدوو کەسدا دەتوانێت بکرێت .

دیالۆگ مکانیزمی بە ڕێکخستن کردنی کۆمەڵگایە. لێنین لە زۆربەی وتارەکانیدا ئاماژەی بە بەڕێکخستن کردنی کۆمەڵگا دەکات و لەو باوەڕەدا بوو کە بە بەڕێکخستن بوونی کۆمەڵگا، شۆڕشەکان سەردەکەون. بەڵام ڕێزدار عەبدوڵا ئۆجەلان لە سەر وتەکانی لێنین ئاماژە بەوە دەکات کە بەر لە ڕێکخستن کردنی کۆمەڵگا پێوستە کۆمەڵگا پەروەردە بکرێت و فۆرمۆلێکی سێ قۆناغی دەست نێشان دەکات، کە پێکهاتووە لە پەروەردە، ڕێکخستن، چالاکی، کە خالێ بنەڕەتیی هەر پەروەردەیەک لە دیالۆگدا تێپەردەبێت .
ئەگەر دیالۆگ و دانوستاندنەکان فراوان نەکرێن و پرەنسیپەکانی دیموکراتی لەکاتی دیالۆگدا بەبنەما نەگیرێن، ئەوا ئەو دیالۆگانە ئاشتییەکی سەقامگیر و گۆڕانکاریی ریشەیی و چاکسازیان لێ ناکەوێتەوە.

*مێژووی دیالۆگ
کاتێک ئاوڕ لە مێژوو بدرێتەوە، دەردەکەوێت کە قۆناغەکانی تێکهەڵچوونی نەتەوەکان لەسەر هێڵێ هێزی جەستەو باهۆ بوون. ململانێ لەسەر هێزی جەستەیی و کوژرانی مرۆڤ. پێکهەڵپرژانی پاڵەوان یان سوپاکان. دەکرا پاڵەوانی دوو سوپای دژ بەیەک زۆرانیان بگرتبایەو پاڵەوانی سەرکەوتوو، سوپا و نەتەوەی سەرکەوتووی لێ دەکەوتەوە، پاڵەوانی دۆڕاو ئاکامەکەی دەبووە دۆڕانی سوپاو نەتەوەی دۆڕاو .
پاش ئەو قۆناغەی مێژوو قۆناغێکی نوێ هاتە ئاراوە، ئەویش قۆناغی پیشەکاری و ئاکامەکەی شارەستانیەتی پیشەکاریی بوو. ئەم قۆناغەش بەرێژەی خەڵکی زۆرو هێزی کارەوە دەناسرێتەوە. دەکرێت بڵێین کە قۆناغی پیشەکاریی هەمان ڕێرەوی هێزی جەستەیی گرتەبەر کە لە ئاکامی دەستبەسەرداگرتن بەسەر مادەی خاوو داگیرکاریی وڵاتان بەهۆی هێزی سەربازییەوە روویدا. بەڵام قۆناغی حازر بازدانێکی سەیرو سەمەرەی رووەپێشی لەچاو قۆناغەکانی ئاماژەپێکراو هەبوو. دەکرێت ئەم قۆناغە بە قۆناغی کامپیوتێر ناودێر بکرێت کە دەرئەنجامەکەی تەقینەوەی زانیاریی بوو. لەم قۆناغەی ژیانی مرۆڤدا تازەگەری و سودوەرگرتن لە زانایی دەورێکی سەرەکیی دەگێرێت. "تافلێر" سەبارەت بە سەردەمی زانیاریی دەڵێت کە کارێکتەرانی سەرەکیی سەردەمی ناوبراو نووسەران و زانایان و هونەرمەندان و رۆژنامەوانانن کە ئەمەش بەخێرایی و بە گۆڕینەوەی زانیاری و تازەگەری و خزمەتگوزاری و هتد لەنێوان مرۆڤەکاندا پێش دەکەوێت. رووخانی دیوارەکانی زانیاری و گەشەی خێرای پیشەی پێوەندیەکان وادەکات کە "کەس/ لایەن" بیەوێ و نەیەوێ دەکەوێتە نێو پێوەندیەکی تانوپۆئاساوە. لەوەدەچێت تەنیا ڕێگا ئەوە بێت کە بەشێوەیەکی رەسمی "کەس/ لایەن" بکەوێتە نێوان دیالۆگی فەرمی و جێگیرەوە. یان ئەوەی کە بەشێوەی قۆناغە کۆنەکانی مێژوو کە پێشتر باسی هات، هێزی جەستەیی سوپا وەگەڕ بکەوێت. بۆیە بیرکردنەوە لە دیالۆگ و بەکردەوەکردنی دەکرێت لە سەردەمی هەنووکەدا ڕێگایەکی باش بێت. باشترە بگوترێ کە دیالۆگ جۆرێکە لە دەستکەوتی هێز بۆ ئەوەی "کەس / لایەن" لە پێوەندیی تاکرەهەندی و تاک جەمسەری رزگار ببێت و هەنگاو بنێتە نێو پرۆسەی پێوەندیی کارلێکەوە.
بیرمەندان کاتی هاتنەئارای دیالۆگیان بۆ ئەو سەردەمانە گەڕاندۆتەوە کە زمان دروست بوو. ئەوکاتەی کە مرۆڤ هێماکانی بە مەبەستی لێکتێگەیشتن بەکار هێنا و بووە هۆی هاتنەئارای رەوتێک کە دواتر ناوی دیالۆگی بەسەردا برا. بە گەشەسەندن و بەرفرەبوونەوەی کۆمەڵگاکان شێوازی دیالۆگ لەم تاکرەهەندیی خوێندنەوەیە دەرباز بوو و واتای چەند لایەنیی بە خۆیەوە گرت. بەمجۆرە کە دیالۆگ تەنیا بە مانای هێنانەسەر زمانی خواستەکان و پێوەندییەکی سادە نیە. دیالۆگ بابەتێکی زانستی، فەلسەفی، مێژوویی، دیالەکتیکی رۆژانەیە. دیالۆگ بنچینەی دامەزراندنی پێوەندیەکانە، نەک تەنیا لە نیوان مرۆڤەکاندا بەڵکو، لە نێوان مرۆڤ و سروشتیشدا. کەواتە دیالۆگ دەتوانێت بە سیگناڵ، نیشانە، جوڵە و تەنانەت چاو لە چاو کردنێکیش بکرێت.

*دیالۆگ لە فەلسەفەدا
"ئەرەستوو" فیلوسوفی یونانی ئاماژە بە گرینگیی زانست دەکات و دەڵێ دەبێ دەسەڵات بکەوێتە دەستی ئەو کەسانەی کە خاوەنی زانست و هێزی قسەکردنن. مەبەست لە ئاماژەدان بەم وتەیە گرینگیی هەبوونی توانای قسەکردنە کە چۆن مرۆڤەکان دەتوانن قەناعەت بە یەکتری بهێنن لە نێو هەڤپەیڤینێکدا.

زۆر کەس پێیان وایە کە دیالۆگ تەنیا قسەکردنە لەنێوان دوو کەسدا. بەڵام لە زانستی فەلسەفەدا دیالۆگ تەنیا قسەکردن نییە، لەزۆر بابەتدا جیاوازیی هەیە لەنێوان دیالۆگ و پەیڤیندا. کاتێک وشەی دیالۆگ دەبیسترێ پێش هەموو شتێک زەینی مرۆڤ بۆ ئەوە دەچێت کە هەڤپەیڤینێک لەنێوان دوو کەس یان لایەن یان کۆمەڵ و هتد هاتۆتە ئاراوە. چونکە مرۆڤ بۆ پێکهێنانی دیالۆگ زیاتر کەڵک لە میکانیزمی زمان وەردەگرێ. بۆیەش زوو زەین بۆ ئەوە دەچێت کە رەنگە ئەم زاراوەیە بە مانای قسەکردن بێت. بەڵام هەموو قسەکردنێک دیالۆگ نیە .

یەکێک لە هۆکارەکانی بەمرۆڤبوون و سەرهەڵدانی شارستانییەت، لە ئاکامی دیالۆگەوە بەدیهات. کاتێ کە مرۆڤەکان هێماکانیان ناسی و واتایان بۆ دۆزینەوە و پێوەندیان لەگەڵ یەکتردا سازکرد، کەوتنە ڕەوتێکەوە کە دواتر زانست ناوی لێنا دیالۆگ. هەر ئەو رەوتەش بوو کە مێژووی مرۆڤایەتیی هەتا ئێستای تۆمار کردووە..

دیالۆگ خاڵێکی بنەڕەتییە لە هەبوونی مرۆڤەکان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا. بەواتایەکی دیکە مرۆڤ کاتێ بەکۆمەڵگا دەبێ کە دەکەوێتە نێو رەوتی دیالۆگەوە. هەبوونی مرۆڤ لەنێو ژیانی کۆمەلایەتیدا گرێدراوی دیالۆگی رۆژانەیە.

*بەدیهاتنی دیالۆگ لە حاڵەتی دیالەکتیکیدا

کاتێک تێز و ئانتیتێز یەک دەگرن، سەنتەزێک ساز دەبێت، ئەو سەنتێزە دەبێتە بەرهەمی ئەو دیالۆگە. بەڵام لەم حاڵەتە دیالەکتیکەدا ئانتیزێز، تێز لە نێو نابات، بەڵکو تێز و ئانتێتیز لەنێو فۆرمولێکی کوانتۆمیکدا یەکتری تەواو دەکەن و سەنتەزێک لە هەردوو لایەن درووست دەبێت. بە واتایەکی دیکە کاتێک دوو فکر یان دوو ئایدی رێک دەکەون بۆ ئامانجێکی دیاریکراو، نەک تەنیا یەکتری رەت ناکەنەوە، بەڵکو لە ئەنجامدا دەسکەوتیشیان دەبێت و دەکەونە نێو خانەی دیالۆگەوە. کەواتە لە دیالۆگدا هەر دوولایەن وەک خۆیان دەمێننەوە و دەبنە یارمەتیدەری یەکتری بۆ بەدیهێنانی ئامانجی هاوبەش. لە سۆنگەیەکی دیکەوە بۆ دیالۆگ "من- کەس/ لایەن" ئەوە دەزانێت کە "تۆ_کەس/ لایەن" بوونێکی هاوئاست دەبەخشێت بەخۆی، واتە لەم کردە دیالەکتیکیەدا "تۆ - کەس/ لایەن"، لە خۆیدا "من - کەس/ لایەن" سازدەکات و بەپێچەوانەوە .

من- کەس/ لایەن = تۆ – کەس/ لایەن

زۆربەی قوتابخانە فەلسەفییەکان دیالۆگیان شی کردۆتەوە. هەر کام لەو قوتابخانانە توانیویانە خوێندنەوەیەکی تایبەتیان بۆ دیالۆگ هەبێت. هەروەها ئایینیش تێڕوانینێکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ دیالۆگ .

-لە قوتابخانەی پۆزیتیڤیزمدا کە لە فکریەتی ئیدیالیزمەوە سەرچاوەدەگرێ، مرۆڤەکان بە ئۆبژە دادەنرێت و چوارچێوەی دیالۆگی بۆ گرووپێک، نەتەوەیەک، لایەنێک، پۆلبەندی دەکات و حاڵەتیکی نەگۆڕی بۆ وەبەرچاو دەگرێ، بەڵام بەشێوەیەکی زانستیانە دەیخوێنێتەوە. لە نێو ئەم قوتابخانەیەدا هەموو کۆمەڵگاکان، پۆلینبەندیی دەکرێن و چوارچێوەی فکریەت و دیالۆگ لەگەڵ ئەم کۆمەڵگایە و چینەکانانیدا بە شێوازێکی نەگۆڕ پێک دێت. بۆ نمونە، کاتێک باسی نەتەوە دەکرێت بەگشتی دەینرخێنێت، وەکوو کورد کە هەموو باشن یان خراپن. رەشن یان سپی .

لە قوتابخانەی فەلسەفیی هێرمۆنۆتیک و هومومانیزمدا دیالۆگ بۆ ئاستی تاکە تاکەی مرۆڤەکان دادەبەزێنرێت و پێیانوایە کە شێوازی دیالۆگ لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە دەگۆردرێت و هیچ پۆلبەندیەک بۆ دیالۆگ دانانێن. مرۆڤەکان وەکوو هەبوونێکی سۆبژەکتیڤی دەنرخێندرێت و لە چوارچێوەیەکی ریالیستیدا لە بابەتەکان نزیک دەبێتەوە. ئەم قوتابخانە فەلسەفییە هاوکات لەگەڵ قوتابخانەی ئیندوالیزم، شێوازی دیالۆگ بە لەبەرچاوگرتنی رەوشی دەروونی ئێستا و پێشینەی مرۆڤەکان دیاری دەکات.

لە قوتابخانەی کۆلەکتیڤیزمدا دیالۆگ لە چوارچیوەیەکی گشتیدا دەنرخێنریت کە مرۆڤەکان، کۆمەڵگاکان و بیروڕای گشتی، هەڵدەسەنگێندرێت و سەنتەزی بیروڕاکان لە ئەنجامی دیالۆگە پێکهاتووەکان بەکار دەبرێت، بەسەرنجدان بە فکری نەرێنی، ئەرێنی و بێ لایەنی لە بابەتێکدا. کەواتە کۆلەکتیڤیزم بۆ هەبوونێکی کۆلەکتیڤ لە دیالۆگ کەڵک وەردەگرێت هەتا یەک بەیەکی بۆچوون و فکرەکانی نێو کۆمەڵگا کۆبکاتەوە و لە ئەنجامی فاکتۆری بەدەستهاتوو، مەبەستی خۆی دیاریی بکات. لەم قوتابخانەیەدا بەسەرنجدان بە فکریەتی هۆلیزم و پۆزەتیڤیزم، میکانیزمی دیالۆگ پێش دەکەوێت .

دیالۆگ لە پلێنۆمدا پەرەدەستێنێت. پلێنوم واتای گشتی هەیە، لەکاتیکدا نوێنەرانی گەل لە مەجلیسێکدا کۆدەبنەوە، دەتوانین بڵێین کە ئەوە لە پلێنومدا کۆدەبنەوە و لەسەر بابەتیک مشتومڕ و گفتوگۆ دەکەن.

*دیالۆگ و ئایین

هەروەکو باسمان کرد ئایینیش وەکوو باقی قوتابخانە فەلسەفییەکان دەپەرژێتە سەر دیالۆگ و تێروانینێکی جیای بۆ ئەم چەمکە هەیە. لەنێو ئاییندا دیالۆگ واتای نامێنیت. مرۆڤ لەگەڵ خودای خۆی دەکەوێتە قسەکردن و دەپارێتەوە و کردارە ئایینییەکان پەیڕەو دەکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا وەڵامێکی ئۆبژەکتیڤی وەرناگرێت، لەبەر ئەوەی خودا لەگەڵ ئەو کەسە قسە ناکاتەوە. دوولایەنیی لەئارادا نییە و تەنیا لایەنێک دەپەیڤێ، کەواتە ئەمە ناچێتە خانەی دیالۆگەوە. هەر وەکوو ئاماژەی پێکرا دیالۆگ لە کردەوە و دژکردەوە یان وتوویژ لە نێوان دوو لایەندا بەدی دێت. بەمجۆرە لە نێو ئاییندا هەر قسە هەیە و وەڵامێک نییە. کەواتە لە ئاییندا شێوازێکی مۆنۆلۆگە. بەلام تیۆریی مێتافیزیک بەم وتووویژە لە ئایین دەڵێ

دیالۆگ. لە نێو ئەندێشەی مێتافیزیکیدا ئەم حاڵەتە بە دیالۆگ دادەنرێت کە لەگەڵ هەبوونێکی فکریی میتافیزیکی لە پێوەندی دایە و لە شوێنیکی دیکەدا وەکو ئیلهام وەڵامی خۆی وەردەگرێتەوە و پەیوەندییەک ساز دەکات.
لە نێو شێوازەکانی دیالۆگدا شێوازێکی کەشمان هەیە کە لە سێ بەش پێک دێت، پێمانێکی سێ قۆڵییە کە بە تریۆلۆگی ناسراوە. تریۆلۆگی ستروکتورێکی سێ گۆشەییە و لە سێ لایەنەوە، بابەتێک هەڵدەسەنگێندرێت و پەیمانێک دەبەسترێت.
لە ئایینداا ئەم شێوازە هەیە لە نێوان خودا و پەیامبەر و مرۆڤدا. لەم نێوانەدا پەیمانێکی سێ قۆڵی دەبەسرێت .

*توانستی دیالۆگ
وشەی دیالۆگ هەڵگری دوولایەنە کە تانوپۆ و تەواوکەری یەکترین. واتە "فکر" و "کردەوە". کاتێک لە "وشە" لایەنی "فکر" دابماڵدرێت و تەنیا "کردەوە" وەبەرچاو بگێردرێت و پێداگریی لەسەر بکرێت ئیدی "وشە" بەرەو رەهەندی "کردەوەخوازی"ی دەچێت. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر وشە تەنیا ببێتە هەڵگری لایەنی ئەندێشە و کردەوەی لێ بستێندرێتەوە، دیالۆگ دەبێتە گەمەیەکی بێ ئەنجام. بەواتایەکی دیکە هیچکام لە لایەنەکانی ئەندێشە و کردەوە ناکرێ ببێتە قوربانیی ئەوی دیکە.

*گرینگی هەبوونی دیالۆگ
لە کۆمەڵگایەکدا کە دیالۆگ سەربەستانە بەدی بکرێت ئەو کۆمەڵگایە پێشکەوتنی مەزن بە خۆیەوە دەبینێت و ئەو کۆمەڵگا بەرەو دیموکراتبوون دەروات. دیالۆگ بۆ شەڕی دەسەڵات نیە، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتە لەپێناو بەرژەوەندیی ئەو کەسانەی کە لەم میکانیزمە کەڵک وەردەگرن. دەکرێت بڵێین کە دیالۆگ پردی نێوان بەیەکگەیشتنی فکرەکانە. هەروەکوو لە سەرەوەش ئاماژەی پێکرا دیالۆگ میکانیزمێکە بۆ بەدەستهێنانی سەنتێزی فکرەکان، کەواتە لە رێگای دیالۆگەوە فکرەکان بەیەک دەگەن و دەستکەوتیشیان دەبێت. ئامانج بۆ هەموو مرۆڤێک گرینە. کاتێ مرۆڤ ئامانجێک بۆخۆی دیاریی دەکا بەو واتایەیە کە دەبێت هەموو کاناڵەکان تاقی بکاتەوە هەتا بەو ئامانجەی خۆی بگات. لێرەدا دیالۆگ یەکێکە لەو کاناڵانەی کە دەکرێت بەکار بهێندرێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە مرۆڤ دەیەوێت پێی بگات .
بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک، پێویستە کە هەموو لایەنە کۆمەڵایەتیەکان بەیەکەوە پێشبکەون، ئەوەش پێویستیی بە شۆرشێکی زێهنیەتی هەیە. هەر بۆیەش دیالۆگ دەتوانێت رێگایەک بێت بۆ بەدیهێنانی ئەم شۆڕشە. فیلوسۆفی ئاڵمانیی "مارتین بوێر" لە پەرتوکێکی خۆیدا بەنێوی "رێگایەک بەرەو یۆتۆپیا" ئاماژە بەوەدەکات کە کۆمەڵگا بەردەرام پێویستیی بە شۆرش هەیە و هەروەها ژیانی راستەقینە هەمووی لە کۆبوونەوەدا واتای هەیە.
هابرماس فیلەسوفی ئاڵمانی لە بابەت دیالۆگ و کۆمونیکاسیۆن، لێکۆلینەوەیەکی زۆری کرد. جێی ئاماژەیە کە هابرماس لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانیدا دەژیا، کاریگەریی ئەو سەردەمە بەروونی لەسەر بیرو بۆچوون و لێکۆڵینەوەکانیدا رەنگی داوەتەوە. هابرماس لەبابەت گفتوگۆ لە نێوان کۆمەڵگادا باس لەوە دەکات کە پێویستە ئاستی زانیاریی کۆمەڵگا ئەوەندە لەسەرێ بێت کە دەرک بە شێوازەکانی دیالۆگ و چارەسەرکردنی کێشەکان بە دیالۆگ و کۆمینیکاسیۆن بکرێت. کاتێک کۆمەڵگا بەم چەمکە نائاشنا بێت، ئەوکاتە ئەو کۆمەڵگایە لە قەیرانێکی دژواردا دەژی. هابرماس هەروەها ئاماژە بە هەردووک شەڕی جیهانی دەکات و دەڵێ، ئەگەر مرۆڤەکانی ئەم سەردەمانە، ئاستی زانیاریان لەسەرێ بوایە و شێوازەکانی دیالۆگیان ناسیبوایە، ئەوکات نە شەڕی یەکەمی جیهانی دەکرا و نە شەڕی دووەمی جیهانی. هاوکات هابرماس ئاماژەی بە هەڵخەڵەتانی مرۆڤەکان دەکات و دەڵێ دەسەڵاتداران بە پروپاگەندەکردن بۆ داسەپاندنی فکریەتی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا پەنا بۆ هەموو ناڕاستیەک دەبەن. ئەگەر بێت و ئاستی زانایی مرۆڤەکان بەرز بێت، ئەوکات تاکەکان راستیەکان لە چەوتەکان هەڵدەوەژێرن و رێگا راستەکە هەڵدەبژێرن و فریوی ناڕاستیەکان ناخۆن. هاوکات هابرماس خەفەت بۆ سەردەمی نازیستی دەخوات و باس لەوە دەکات کە چۆن دەسەڵاتداران مرۆڤەکانیان بۆ ئامانجە چەوتەکان بەکار دەهێنا و دەیانکردە قوربانی.

*پرەنسیپەکانی دیالۆگ
پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای دیالۆگ دامەزراون. واتە دیالۆگ بابەتێکی کۆمەڵایەتیی و لەهەمانکاتیشدا میکانیزمی بەیەک گەیشتنی فکرەکانە و هەڵگری کۆمەڵێک پرێنسیپی تایبەت بەخۆیەتی. دیالۆگ بنچینەی رێکخستن و بە سازیکردنی کارەکانە کاتێک دیالۆگ بەواتای خۆی خۆدەگرێت کە لایەنەکانی ئامادە لە دیالۆگدا پرێنسیپەکانی بپارێزن. بەشێک لەو پرێنسیپانە بریتین لە :

- تۆلەرانس.
- نەبوونی پێش گریمانە.
- زانیاریی پێویست لەسەر بابەتی دیالۆگ.
- هاوئاستبوونی لایەنەکانی بەشدار لە دیالۆگدا.
- خۆپاراستن لە هەرچەشنە خۆداسەپاندنێک.
- لەباربوونی زەمینەی دیالۆگ.
- لەبەرچاوگرتنی کات و شوێنی دیالۆگ.

•ڕێزگرتنی لایەنەکانی بەشدار لە دیالۆگدا.
•پێویستبوونی ناسینی کەس/لایەن، ئاگاداربوون لە بیرو بۆچوونی خود و بەرامبەر .
•وەبەرچاوگرتنی ئازادی لە فکر و بیرکردنەوە و هەڵبژاردنی لایەنەکانی دیالۆگدا.
•وەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی لایەنەکانی بەشدار لە دیالۆگدا .
•باوەڕ هێنان بە بنەمای دیالۆگ بەجێی دوژمنایەتی و تێکهەڵچوون.
•قبوولکردنی هەبوونی بیروڕای جیاواز.

بۆچی دیالۆگ

نەگۆڕبوون لەدنیای بگۆڕی خێرادا خەسارێکی مەزن بە تاک و کۆمەڵگا و کولتوور دەگەیەنێ. لەم دنیا بگۆڕەدا دیالۆگ وەکو پێویستییەک بۆتە هەوێنی پێشکەوتن و لەبەشێک لە کۆمەڵگا و شارستانییەت و کولتوورەکاندا رەنگیداوەتەوە. گۆڕانکارییەکانی چاخی حازر لەچوارچێوەی کولتوور و شارستانییەتێکی داخراودا ناگونجێ و هیچ کام لە پێوەرەکانی کۆمەڵگای چەقبەستووش ناتوانێ هەلیسەنگێنێ. خواست و مەیلی کۆمەڵگاکان گۆڕانی بەسەرداهاتووە و پێ بەپێی پێشکەوتنەکان زێدەتر و بەرفراوانتر بۆتەوە. بۆ نموونە کە چاو لەچاخی پیشەکاریی بکەین، لایەنەکانی ئەو سەردەمە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، زانستی و سیاسیی.... لێکبدەینەوە، گۆڕانکارییەکی مەزن هۆکاری بازدانی سەرلەبەری کۆمەڵگای مرۆڤیی بووە لە ژیانی چاخی تاریکیی سەدەکانی ناڤیندا. کۆڕانکارییەک هەموو بوارەکانی کۆمەڵگای گرتەوە کە هەمووشتێکی هەر لە بناغەوە هەڵتەکاند. کە دەکرێ دەست بخرێنە سەر گۆڕان لە سیستمی باوەرمەندیی جەماوەر، گۆڕانی چینەکانی کۆمەڵگا، گۆڕان سەبارەت بە بایەخە ئەوپەڕ مادییەکان، سەرهەڵدانی تەڤگەری نوێی کۆمەڵایەتی، گۆڕان لەجۆری روانین لە ئایین و دروستبوونی لقە جۆراوجۆرەکان و هەروەها هەر لەم بوارەدا لێکدانەوەی نوێ بۆ ئایین کرا. بەم پێیە گشت ئەو گۆڕانکارییە بنچینەییانەی بە درێژایی مێژوو بە تایبەت پاش سەدەکانی ناڤین سەرلەبەری کۆمەڵگای مرۆڤیی گرتەوە. لە رێی دانوستان و پەیوەندییەوە هاتنەئاراوە. کاتێ دانوستان پەیوەندیی یان بەواتا زانستییەکەی دیالۆگ سەردەگرێ کە لایەنەکان لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ یەکتریدا کەم تازۆر کۆمەڵێک رەگەز لە یەکتری وەردەگرن. هەر بەوجۆرەی سیستم یان سیستمەکان لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیستم یان سیستمەکانی دیکەی دەورووبەری لە سەر یەکتری کاریگەرییان دەبێ و بەپێی رادەی دانوستاندنەکانی نێوان خۆیان کەم تازۆر گەشە دەکەن. بەوردبوونەوە لە کۆمەڵگا و کولتوورەکانی دوور یان نزیک و لە رووی نیشانەناسییەوە بخوێندرێنەوە، زۆربەی شێواز، ئایین، داب و نەریت، نیشانە کولتوورییەکان لە باقی کۆمەڵگا شارستانییەکاندا دەبیندرێ، ئەمە ئاماژەیەکی راستەوخۆیە بەو راستییەی کە کۆمەڵگا و کولتوور شارستانییەتەکان بەردەوام کاریگەرییان لە سەر یەکتریدا هەیە. رەنگبێ ئەم کارتێکردنانەش لە بواری تەواو جیاوازدا رەنگ بداتەوە .

پەراوێز:

*ئەم وتارە بەرابیەکی کورتە بۆ کتێبێک لە ژێر ناوی (دیالۆگ) کە ئامادەی چاپە..